

# مەملەكەتی خەیاڵ

سەلاح حەسەن پاڵەوان

خەیاڵ لە ژیاندا، چێژێكەو مرۆڤی سادەو مرۆڤی عاشق و شاعیرانی رۆمانسی و فەنتازیخوازەكان لە بەكارهێنانیا لەزەت وەرئەگرن و لە نێو كارو ئەركەكانیاندا بەكاری ئەهێنن، خۆگرمۆڵەكردن بۆ ساتێكیش لە نێو خەیاڵێكی موچركەداردا، هیچ زیانێك بە بوونی ئەو زاتە ناگەیەنێت كە لە نێو لەزەتی خەیاڵدا مەلە ئەكات، بەكارهێنانی خەیاڵ لەپاڵ ئامانجێكی دیاریكراودا هیچ زیانێك بە پرۆسەی ژیان ناگەیەنێت، بەڵام بوونی هەموو ژیان و بۆچوون و روانینەكان بە خەیاڵ گورزێكی كوشندەیە و بە تەواویش لەو تلیاكە ئەچێت كە جەستەی گەدایەك لە خەیاڵدا ئەكا بە پاشای خاوەن دەسەڵات و

مەملەکـەتی زێـڕین. بۆیـە گـەر هـاتوو کۆمەڵگایـەک بـە هـەموو روانینـەکانی ببـێتە کۆمەڵگایەکی خەیاڵخوازو کۆمەڵگایەک بۆچـوونەکانی لـە رووی خـەیاڵ و یۆتۆبیـاوە لێکبداتەوە بێگومان بەدەست دەردێکی کوشندەوە دەناڵێنێ. رەنگە خوێنەر تا ئەم سـاتەش بڵێت: ئەمانەی تۆ ئەیڵـێیت شتـێکی سـادەیەو روون و ئاشـکرایەو هـیچ بەڵگەیـەک بـۆ سەلماندن ناخوازێ، یان بڵێت ئەمە دراوێکە و داواکراوەکەی لەبەردەستدایە، یـان رەنگـە هەر ئەو خوێنەرە بپرسێ و بڵێ کۆمەڵگایەک هەیە کۆمەڵگای خەیاڵ بێت، کۆمەڵگایـەک هەیە بەردەوام لە نێوخەیاڵدا بژی. بـۆ ئـەوەی وەڵامـێکی ئاشکرا بخەینـە چـنگی ئـەم پرسیارانە و لەودیو تەمومژەوە لە هەناوەکانی دڵنیاییەک بە هێمنی راکشێین و پـڕ بـین لە دڵنیایی، بابڕوانینە پانتایی رۆشنبیری کـوردی بـۆ ئـەوەی دڵنیـابین سـنوورەکانی خەیاڵ گەیشتووەتە چ ئاستێک و چ دەردەسەریەکی بۆ رۆشنبیری کورد دروسـت کـردووە، ئەوەش بزانین تا چ رادەیەک مەودای خەیاڵ لە نێو کایەی بیرکردنەوەماندا ئـەڕواو تـا چ سنوورێکیش ئەسـپی رەوتی گەشـەکردنی فیکـری و رۆشـنبیریمان لــە ژێـر کاریگـەری خەیاڵدا ئەحیلکێنێ.

لە نێو بیرو بۆچوون و نووسینەکانماندا، لە نێو پرۆسەی داهێنانماندا چاومان بـە کۆمەڵێ حاڵەتی لە خۆبایبوون و خۆ بەمەزن زانینی سەیرو سەمەرە ئەکەوێـت و هـەر ئەفڕین و لەسەر پیاهەڵدانی خۆمان ئەنـشینەوە،هەر ئـەڕۆین و خـاوەنی مەملەکـەتی زێڕینین و وا ئەزانین داهێنانەکانمان گوێ ی هەموو ئەوانەی کەڕ کردووە کە بە خـشپە لەودیوی دەرگاکانەوە بۆ دەنگەکانمان گوێیان هەڵخستووە، وا ئەزانین هەرچی رێچکەی رۆشنبیریە شکاندوومانەو لە بواری رۆشنبیریـشدا گرەومـان لــە هـەموان بردۆتـەوە. حاڵەتی بڕوابوون بەو بۆچوونەی کە ئێمە لە هەموو شـێوە بیرەکردنـەوەو نووسـین و داهێنانێکدا لەوپەڕداین درمێکی گەورەیە کەوتووەتە نێو ئازای لەشی رۆشنبیریمان، ئەم بۆچوونانە گەر لە بەراوردکاریەکدا لەبەرامبەر زەمینـەی واقیعـدا تەماشـای بکـەین، ئەبینین هەر هەمووی خەیاڵێکی پەتیەو هێشتا ئێمە زۆرمان مـاوە بـۆ ئـەوەی بڵـێیین ئەوەین کە هەین و ئەوەین کە داهێنەرین. مەسەلەی خۆزانین بەو شـتەی کـە تـۆ نیـت خەیاڵێکی کوشندەیە، خۆهەسـت کـردن بـەو شـتەی کـە ئـەوە نیـت رێ وێڵکردنـێکی کوشـندەیە و سوێـری و تـاڵی زەمەنـێکی پـڕ چەرمەسـەریە. تـۆ ناتوانیـت لەگـەڵ بەرامبەرەکەدا هـەبیت گـەر ئـەو تـۆ نـەبینێ، مـن ئـەتوانم بڵـێم هـەم گـەر ئـەوەی ئەمخوێنێتەوە هەست بە بوونم نەکات، ژمارەیەکی زۆر لە کاری داهـێنانەی مـرۆڤ تـا ئەو سنوورە بڕ ئەکات کە لە جەستەی داهێنەرەکەی ئەبێتەوە، تا ئەو سنوورە ئـەڕوات کە چوارچێوەکانی بوونی خۆی نابڕێ، هەروەها زۆر لەوانەش لە مەملەکـەتی خـەیاڵ ئەژین لەوە بێ ئاگـان بـۆ ئـەوەی داهـێنان شاگەشـکەبوون و سەرسـوڕمانی لـە لای بەرامبەر دروست بکات ئەبێ لە واقیعی ژیان قوڵبێتەوەو بە نێو ئەو دەریایانەدا مەلـە بکات کە هێشتا تێیدا مەلەی نەکردووە.

من ئەتوانم لە ناخی خۆم و لە خەیاڵەکانی خۆما داهێنەر بم، ئەتوانم لــە خــەیاڵی خۆمدا سوپەرمان بم، هێزێکی بێ وێنە بم، بەڵام کاتێک هەستم کرد لە دەرەوەی خەیاڵی خۆم ئەوە نیم، ئەو کاتە شێوەیەک لە نامۆبوونی سەیر دروست ئەبێت.

نامۆبوونی من لە مەڕ ئەو خەیاڵانەی لەسەر خۆم هەمە، تووشی کۆمــەڵێ نــاکۆکی گەورەم ئەکات، تووشی ئەوەم ئەکات رێگاکانی راستەقینە وون کەم و بە گرانی لە خــۆم و دەوروبەر بگەم، بە سەختی جیاوازی نێوان شتە واقیعی و شــتە ناواقعیــەکان ببیــنم، بەمەش نامۆییەک لە ناخ و مێشکدا دروست ئەبێت، بەرەو گرفتی وونبوونمــان ئــەبات، بۆ تاکــە کــەس ئــەم حاڵەتــە تارادەیــەک جــێگای دڵەڕاوکــێیە و کاریگــەری دەروونی بەجێدێڵێ، بەڵام گەر هاتوو ئەم حاڵەتە بوو بە سیفەتی بەکۆمەڵ، واتــە بەخــەیاڵبوون سەرتاپای ژیانی کۆمەڵی گرتەوەو هەر بە ئاوێنەی خەیاڵەوە جەستەی خۆمان ببیــنین و ئارایشی خۆمان بەو ماکیاژانە بکەین ئەو ساتە روخساری راســتەقینەی خۆمــان لــێ وون ئەبێت و خۆبەزلزانین و خــۆ بــە داهــێنەرزانینی خــەیاڵی هــەموو هــێلانەکانمان ئەشێوێنێ و بەر هەڕەشە لە بوونمان ئەکات و دەردەکانمان مەزن ئەبن و مەزەندەکانی داهێنانمان کورت ئەبنەوە.

لە نێو کایەی رۆشنبیریماندا دەردە خەیاڵێکی کوشــندە هەیــە، زۆر لــەو خەیاڵانــە خــەریکن ئەبنــە مــێژوو گــەر واش بــڕوات ئەترســم ببــێتە هــۆی تەشــەنە پــێکردنی لەبیرچوونەوەو کوێربوون لە ئاستی گرفتەکان، هەروەها بڵاوبوونەوەی بێ رەخنەیی و نابینابوون لە ئاست گرفتەکان و تەشەنەکردنی هیچ و پووچــی بەرهەمــە گرنگــەکان و هاتنەکایــەوەی ئــەو گرفتانــەی کــە رۆژ بــە رۆژ بازنــەکانی پەیــدابوونی فــس فــس پاڵەوانەکانی رۆشنبیری زیاد ئەکات و ئەشبــێتە هــۆی تەشــەنەکردنی رۆشــنبیریەکی سەقەت، ئەو رۆشنبیریەی تەنیا خاوەنەکانیان لە خەیاڵی خۆیاندا داهێنەرن.

یەکێک لەو راستیانەی کە پاڵپشتی بۆچوونەکانم ئەکەن لــە مــەڕ بەخــەیاڵیبوونی رۆشنبیریمان، بریتیە لــە فراوانبــوون و گــەورەبوونی مــەوداکانی نــێوان رۆشــنبیرو جەماوەر، تا ئێــستا یەکــێک لــە چــالاکیە فیکریــەکانی ئــێمە مەودایــەکی جــەماوەری وەرنەگرتووە، واتە وەرنەگرتنی چالاکیە کولتووری و ئەدەبیەکان سیفەتێکی جەماوەری ئەوە ئەگەیەنێ کە ناتەواویەک هەیە. ئایا ئەو ناتەواویە لە خوودی جەماوەرەکەیە یان لە خوودی رۆشنبیرەکانمان.( من لێرەدا مەبەستم لە جەماوەری ئــەوە نیــە کــە کــاری رۆشنبیری ببێتە کالایەکی هەرزان بۆ مامەڵەکردن، بــەڵکو مەبەســتم وەرگــرتنی مــەودا فراوانەکەیەتی لەمەڕ پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەردا).

بۆچی تا ئێستا خوێــندنەوەی چــیرۆک و رۆمــان لــەلای ئــێمە نەبووەتــە کارێــکی جەماوەری، لە دەرەوەی بازنەی ئەدیب و ئەدەب دۆستان برێکی زۆر کــەم روو ئەکەنــە خوێندنەوەی چیرۆک و رۆمان، کەچی لە هەندێ کۆمەڵگای دیکەدا ئەم کارە مەودایــەکی جەماوەری فراوانی لــەخۆگرتووەو، هەنــدێ جــار لــە هەنــدێ وڵاتانــدا بــە درێــژایی

کیلۆمەترێ خەڵکی بۆ کڕینی نوێ ترین ڕۆمان و نوێترین دیوان و کتێبی بوارە ڕۆشنبیریەکان ریزئەگرن...هتد

ئایا گرفتی نەبوونی ئەو ریزە درێژانە نهێنیەکە، یاخوود هۆکارێکی تری لە پشتەوەیە، باشە ئەو حاڵەتە گەر نهێنیەک نەبێت ئەبێ چی بێت، ئەی بۆچی نووسەرانی ئێمە بەدووی ئاشکراکردنی گرفتی ئەو کەمبوودیەی جەماوەر ناگەڕێن ـ بۆچی لەخۆ ناپرسن هۆی نەبوونی ئەو سەرسوڕمانی و شاگەشگەیە لە نێو کایەی ڕۆشنبیری ئێمەدا چیە وهۆی نەمانی تەوژمی خوێنەران و کزبوونی لایەنگرانی ڕۆشنبیری بۆچی ئەگەڕێتەوە؟ ئەبێ ئەوەش بپرسێ ئایا بۆچی ئێمە بەخۆهەڵخەڵەتاندن لە نێو خەیاڵی مەزنیدا ئەژین؟؟.

مەسەلەی روانین بۆ هەر کارێک لە روانگەی واقعیەوە جیاوازە بۆ روانین لەو کارە لە مەودایەکی دیکەوە، لە نێو کولتووری ئێمەدا بڕێکی زۆر لە داهێنانی شاراوە هەن، بەڵام ئاشکراکردنیان پێویست بە ووزەیەکی نەبڕاوە لە پشکنین و گەڕان و دۆزینەوە ئەکات، ئەمڕۆ ئەوانەی دێن و لەسەر گۆڕەپانی ڕۆشنبیری ئێمەدا چەپڵە بۆ بڕێک داهێنان لێئەدەن، بێ ئەوەی لەوە ئاگاداربن کە وزەی داهێنان وزەیەکە بە حەزی بڕێک و تاقمێک و دەستەیەک نایەتەدی، وزەی داهێنان و هێزی داهێنان پێویستی بە ڕۆشنبیریەکی گشتیە و پێویستی بە گۆڕینی مەودای روانینەکانی جەماوەری وەرگرە و پێویستی بە ڕەوتی مێژووی ڕۆشنبیری ئەو گەلەیە، واتە ئەو کۆمەڵگایە لە گوێگرێکی ئاسایی جۆشدراو بە حەماسەیەکی پڕ تین و تەوژم بۆ جەماوەرێک بگۆڕێت، خاوەن ئاسۆیەکی پڕ لێکدانەوە بێت بۆ هەر شتێک کە ڕووی تێ ئەکات ـ هەروەها لە پێشوازی ئەو شتانەی کە وەریئەگرێت، زۆر ووردبین بێت و بە حەزەرەوە بڕوانێتە داهێنانەکان و ئەو هۆکارانەی کە بەشداری لە مەودای بڕیاردانەکانی ئەکەن. کەم تا زۆر بەشداریەکی پتەوی هەبێت لە هەڵوەشاندنەوەو داڕشتنەوەی هەر بەرهەمێک کە ڕووبەڕووی ئەبێتەوە، هەروەها بشتوانێت هۆکارێکی کاریگەر بێت لەسەر داهێنەر. زۆر هۆکار هەن لە دروست کردن و بنبڕکردن و خولقاندنی ڕووداوەکانا بەشدارن، زۆر هۆکار هەن وا لە جەماوەر ئەکەن واقعیانە یان خەیاڵخوازانە بڕوانێتە خۆی و کارەکانی خۆی. هەرگیز ڕۆشنبیر هەروا لە خۆیەوەو بە بێ هۆکارە دەرەکیەکان نابێتە ڕۆشنبیرێکی خەیاڵی و لووت بەرزو خۆ بە سۆپەرمان زان گەر هۆکارەکانی دەرەوە (واتە دەرەوەی خۆی) بەشداری لە ئاوێتەکردنی ئەو خووانە و گەشەپێدانی ئەو سیفەتانە نەکەن.

بەخەیاڵیبوون یاخوود گەلاڵەبوونی بیری خەیاڵاوی لەبارەی خودی خۆیەوە وا ئەکات کە خوودی دیاردەکان و بەرهەمەکانی تووشی شێوەیەک لە دووبارەبوونەوەی ناوەڕۆک بن، وای لێ ئەکات بێ دوودڵی و دڵەڕاوکێ ی داهێنان کار بکات، وای لێ دێت سڵ لەو رستەو بەرهەم و هێزانە نەکاتەوە کە ئەیانخاتە سەر پەڕاوو بە گوێ ی

خوێنەرو گوێگرو وەرگریا ئەدات و بەرامبەریان ئەوەستێتەوە. گرفتەکە هەنـدێ جـار ئەوەندە مەزن ئەبێت مرۆڤی بەنێو رۆشنبیر بـەری پـێ ی خۆشـی نـابینێ و رووداوە مەزنەکان لەبەردەمیا بچووک ئەبنەوە، لە زۆر ساتدا بۆچوونەکان گرمۆڵەی ئەکەن و نابینا ئەبێت بەرامبەر بە هەر رووداوێک رووی تێئەکەن، وەکو نەعامەش سەری خۆی لە نیو ئەو لمەدا ئەشارێتەوە، کە نازانێ سەربە چ بیابانێکەو دەوروبەرەکەشـی چـی بۆ هەڵگرتووە.

رەنگە هەندێ جار بۆچوونەکانی رۆشنبیر بەسەر جـەماوەردا سەرکەوێـت، ئەمـەش لەو پێودانگەوە سەرچاوە ئەگرێت کە جەماوەر بە برێک هۆکاری دەرەکـی گـێژ کـراون، بێئاگایی لە ناخدا چێنراوە، چاندنی بێئاگایی یەکـێکە لـەو هۆکارانـەی وا لـە مـرۆڤ ئەکەن بێ ئەوەی بزانێ لە کوێوە با هەڵ ئەکات ئەو شەنی خۆی ئـەکات، ئـەو چـاندنە شێوازێکە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان ئەبێتە هۆی دروستکردنی پاڵـەوانی کـارتۆنی و سۆپەرمانی خەیاڵی و دیکتاتۆری هەموو بوارەکان. بۆیە شێوازی جەماوەر لە ڕوانینی بۆ دیاردەکان گرنگیەکە، کامڵبوونی شتەکان و مەزنی داهێنانەکان دەرئـەخات، توانـای جەماوەر گرنگێتی بەرهەمە مەزنەکان سەردەم لەدوای سەردەم گەورە ئەکات و شـتەکان لە جێگای خۆی دائەنێ و راستیەکان بە شێوەیەکی مەزن داگیر ئەکات.

بەخەیاڵبوونی هەریەک لە پەیوەندییـە قوڵـەکان بەشـداری لـە تـێکدانی زەوق و هەست و نەستی وەرگر ئەکەن، ئێمە خەیاڵئەکەین بۆ ئەوەی لە واقعێکی جیـاواز بـژین بەڵام لە ژیانی خـەیاڵی هەمیـشەییدا شـتەکان سـەرەوخوار ئەبنـەوەو هۆکارەکـانی گەشەکردن پەکیان ئەکەوێت، زۆر لەو ساتانەی کە تێیدا بیر لە بوونی خۆت ئەکەیتەوە ئامادەیت هەموو پردەکانی نێوان خۆت و خەیاڵ بپچڕیت، بۆ ئەوەی بزانی تـۆ چـیت و لە کوێوە سەرچاوەت گرتووە. مەسەلەی خەیاڵ لە دانانی نەخشە چارەنووسسازەکاندا وا ئەکات شێوەیەک لە وونبوونت لا دروست بـێت و ئـەم وونبوونەشـە ئەبـێتە هـۆی نەدۆزینەوەی واقیع و حاڵینەبوونی.

**مەملەکەتی کارتۆنی**

کە خەیاڵ بوو بە بەردوو بناغە بۆ ئـەو مەملەکەتـەی دایئەمەزرێـنم، ئـەوا ئەبمـە خاوەنی ساتێک لە بیرچوونەوە، ئەبمە خاوەنی ساتـێک لـە نائاگـایی و وونبـوونی هەمیشەیی، ئەو دیوارانەی کە کۆنکریتین هێدی هێدی بۆ برێک کارتۆنی بەتاڵ و حەتاڵ ئەگۆڕێن، نەک بەرگەی رەشەبا ناگرن بەڵکو بەرگەی ئەوەش ناگرن لە پاڵیا بۆ ساتێک شان بدەمەوە و هەر وەک پووش بە ئاسمانا ئەچن، زۆربەی ئـەو دیوارانەشـی خـەیاڵ بونیادیـان ئەنـێت دیـواری کـارتۆنین، بۆیـە لای ئـێمەش چ لـە بونیـادی فیکـری و رۆشنبیریمان یان بونیادی کولتووریمانا گەلێک دیواری کارتۆنی هەن، ئەمانە واشیان کردووە مێژوویەکمان هەبێت سست و لاواز، بەرگەی ئەو هەموو رووداوە مەزنانە نەگرێ کە روو ئەدەن، مەملەکەتێکمان هەبێت خەیاڵیتر بێت لە خەیاڵەکانی رۆژانی رەش.

ئاخۆ دیواری کارتۆنی لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێت، بێگومان سەرچاوە گرتنی لەو عەقڵانەیە کە هێشتا نازانن واقیعی خوودی خۆیان چۆنە و چۆن بونیادەکانی عەقڵی خۆیان لێکدەنەوە، بەم پێودانگە ش بەردەوام لە خەیاڵدان بەڵام خەیاڵی کارتۆنی، بێگومان خەیاڵە کارتۆنیەکانیش حەتمەن دیواری کارتۆنی دروست ئەکەن، هەوڵە سپیەکان هەرگیز بە رەش نابن.

دەمێکە لە نێو مەزەندەی بیرکەرەوەکانی ئێمەو لە نێو دورگە داخراوەکانی عەقڵی داهێنانی ئێمەدا ژمارەیەکی زۆر خەیاڵی کارتۆنی هەن، کە مەملەکەتە کارتۆنیەکانی ئێمە فراوانترو گەورەتر ئەکەن، ئەو سستیانە ئەڕوێنن بە دەگمەن ئەبنە ماچ و ئەگەنە لێوی سستی تەنیاییمان، ئەم دورگەیەی ئێمە ئەو مرۆڤانەی تێدا تاراوگە کراوە کە هێشتا نازانن چۆن لێوە ووشکەکانیان بە ئاوی بارانـاوی داهێنان تەڕ کەن. ئەو دورگەیەی ئێمە ئەو دورگەیە کەس گوێ ی لە مرۆڤە یاخیبووەکانی نێوی نابێت، نایاناسێت، نازانێ کێن و کەی ئەگەنە کەناری ئازادبوون، ئەم دوورگەیە تەنیا ئەو چەتانە ئەناسێت بە باوەشی پڕ لە خەیاڵ و عەقڵی خەیاڵاوی و بڕوای خەیاڵاوی، ژیان لە هەمووان هەراسان ئەکەن.

کەواتە بۆ ئەوەی ئەم دورگەیەی ئێمە لەو هەموو عەقڵە خەیاڵایاویانە قوتاربکەین پێویستمان بە دووبارە دروستکردنەوەی دیوارەکانە، پێویستمان بە داڕشتنەوەی مەملەکەتی واقیعی و راستەقینە هەیە پێویستمان بە ئازادکردنی ئەو مرۆڤانەیە بە بیرو بیرۆکەی خەیاڵاوی گێژکراون و ئەو سۆپەرمانانە بکوژێنینەوە کە لەسەر دیواری سپی عەقڵمان وەکو سوپای پارتە توندڕەوەکان بوون بە دروشمێکی رەش، ئەبێت ئەو ساتانە دووبارە بکەینەوە کە هەر هەمووی بە چەپڵەڕێزانی درۆزنانە بەرێکراون.

بۆ ئەوەی لە هەردوو دەردەکەی مەملەکەتی خەیاڵ و عەقڵی خەیاڵاوی قورتاربین ئەبێ بزانین چ بە جەماوەرو چ بە وەرگر ئەڵێین و تا چ ئاستێک لەو بابەتانە ئەکۆڵینەوە کە هەڵیانئەبژێرین، هەروەها ئەشبێ بزانین سنوورەکانی بیرکردنەوەو بڕوابوون چین و ئەو سنوورانەی بیریش کامانەن کە چەپێنراون، بۆیە لێرەدا جێگای خۆیەتی بزانین هەڵبژاردن و بیرکردنەوە چ سنوورێکیان بۆ ژیان هەیە.ئاینشتاین گووتەنی ئەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێت کە سنوورەکانی مرۆڤی گەمژە وەکوو سنووری بۆشایی بێ کۆتاییە بۆیە سەردەم لەدوای سەردەم مرۆڤی گەمژە ئامادەن و مرۆڤی زرنگیش لە ململانێدایە. زیادبوونی گرفت وا پێویست ئەکات چاک بزانین هەڵسەنگاندنی بەرهەم بە هەموو پەیوەندییەکانیانەوە واتە هەڵسەنگاندنی ژیان. هەڵسەنگانی بەرهەم واتە دەستنیشانکردنی ئەو سنوورەی پێ ی ئەوترێ سنووری بیرکردنەوە.